# یەکێتیو پارتی خۆشیان بۆ خۆیانەو شەڕو بەڵایان بۆ خەڵکی کوردستانە!
## لە پەراوێزی ڕیکەوتنی نێوان یەکێتیو پارتیدا

**سامان کەریم**
Zaryak@yahoo.com

بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان، ئەمڕۆ لە هەموو کاتێك زیاتر ئەوە دەخوازێ کە رۆڵەکانی یەك دەست و یەك ریزبن، ووزە و توانای خۆیان بۆ زاڵبوون بەسەر تەنگ و چەڵەمەکانی ئەم دۆخە هەستیار و چارەنوسسازەی کوردستان و عیراق، زیاتر یەکبخەن بۆ ئەوەی:
-قۆناغی نوێی دیموکراسی و فیدراڵییەت سەرکەوتووانە ببڕن.
- بۆ مسۆگەرکردنی دەستکەوتە مێژووییەکانی گەلەکەمان و هێنانەدی تەواوی مافە ڕەواکانی، بەچەسپاندن و جێبەجێکردنی دەستووری هەمیشەیی عیراق و دامەزراندنی عیراقێکی دیموکراتی فیدڕاڵی راستەقینە.
- لەپێناو گەڕانەوەی کەرکوك و خانەقین و شەنگار و مەخمور و ناوچە تەعریبکراوەکای دیکە بۆ ئامێزی کوردستان.
- هەروەها بۆ پەرەپێدان و گەشەکردنی ئەزموونی دیموکراسی کوردستان و باشتر جێگیرکردنی ئارامی و ئازادییەکان و چەسپاندن و یەکخستنەوەی یەکجارەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەپێی بنەماکانی شەراکەت وتەوافق و تەحکیم و هاوسەنگی، رێککەوتن لەسەر:

**پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە رۆژی 2006/1/21دا لە نێو"پەرلەمانی" کوردستاندا ڕیککەوتننامەی نێوانیان ڕاگەیاند. من پێشتر لە بەاننامەیەکدا لەرۆژی 1/10دا، دوای ئەوەی کە بارزانی لە ڕۆژی 1/7دا یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکەی ڕاگەیاند نوسیم " ...بەڵام کێشەی خەڵکی کوردستان، نەبونی کارەبایە، کەمی سوتەمەنیەکانو نەوتو بەنزینو بەرزبونەوەی نرخەکانیەتی، نەبونی ڕیگاوبانی گونجاوو قیرتاو کراوە، کەمی ئاوە، ئاستی نزمی لایەنی کەمی موچەی مانگایە کە بەشی یەك هەفتەی هیچ خێزانێك ناکات، دواکەوتویی سیستەمی خوێندنە لە پلەی سەرەتاییەوە بگرە تاکو دەگاتە زانکۆو بڕوانامەکانی ماجستێرو دکتۆرا، نەبونی خانوبەرەی گونجاوە لە کاتیکدا کە نرخی کرێی خانوو مانگانە بەرەو سەرەوە دەچێت، کەمی دەرماڵەی مامۆستایانو فەرمانبەرانو کرێکارانە....کێشەی خەڵکی کوردستان نەبونی ئازادی سیاسیە بەشیوەیەکی ڕەسمیو یاسایی، نەبونی ئازادی بیروڕایە بەشیوەیەکی ڕەسمیو یاسایی، نەبونی ئازادی خۆپیشاندانو مانگرتن، بەشێوەیەکی ڕەسمیو یاسایی... کێشەی لاوانی کوردستان نەبونی ئازادییە فەدریو مەدەنیەکانە، زاڵکردنی فەرهەنگی دواکەوتویی کوردایەتیو ئیسلامییە بەسەر کەشو هەوای کۆمەڵداو بەم پێیەش سەرکوتی ویستو ئارەزوەکانی لاوان.... ئەوانە کێشە سەرەکیەکانی خەڵکی کوردستانو جێبەجێبونی ئەم خواستو ویستانەیە کە پێویستی بەوە هەیە ئاهەنگی بۆ بگێردرێتو جەژنی بۆ ساز بکرێت. " ئەمە بەشیکی کەمی بەیاننامەیەکە کە لەڕۆژی 1/10دا بلاوبۆتەوە. ئەوکات هێشتا دەقی ڕێکەوتننامەکە ئاشگرا نەبوو، بەلاّم بۆ ئێمە ڕۆشن بوو کە شانو شەوکەتی ناسیونالیزمی کورد لەگەل جێبەجێکردنی خواستو ویستی خەڵکی کوردستاندا نایەتەوە، لەگەڵ باشکردنی خزمەتگوزاریو زیادکردنی مووچەو بەرەسمی ناسینو بە یاسایی کردنەی ئازادی خۆپیشاندانو مانگرتنو ڕەخنەو بیروڕادا نایەتەوە، لەگەڵ مافی یەکسانی ژنو پیاوو مافە مەدەنیەکانی لاواندا نایەتەوە، لەگەڵ فەرهەنگی مۆدیرنی لاوانی کوردستاندا نامۆیەو لەبەرانبەریدا دەوەستێت... چۆنمان نوسی دروست هەروا دەرچوو. ئەوە دەقی ڕیککەوتننامەکەیانەو من لەسەرەوە چوارخاڵی سەرەکیو ئامانجی ئەم ڕیککەوتنەم بۆ جارێکی تریش نوسیوەتەوە... سەرنج بدەن لەو 4 خاڵە. خاڵی یەکەم پێمان دەلێن ئەم قۆناغەی ئێستا کە پیّی دەلێت "دیموکراسیو فیدرالییەت" سەرکەوتوانە ببڕن، واتە ئەوەی کە ئێستا هەیە سەرکەوتوانە جێگیر بکرێت، بەلاّم ئێستا چی هەیە؟و خەڵکی کوردستان بۆچی دەبێت لە بە سەرکەوتن گەیاندنی ئەم قۆناغەدا بچێتە پشتی پارتیو یەکێتی؟.! ئامانجی دووەم پێمان دەلێت بۆ جێگیر کردنی دەستور، ئەو ناوی ناوە بۆ" مسۆگەر کردنی دەستکەوتە مێژوییەکانی گەلەکەمان"، بەلاّم دەستوری هەمیشەیی سەرکوتی مافی سیاسیو مەدەنیەکانی خەڵکی کوردستانی کرد یان ئامانجێکەو پێویستە خەڵکی کوردستان خەباتی بۆ بکەن بۆ ئەوەی جێگیر بکرێت؟! ئامانجی سێهەم پێمان دەڵێت "گەرانەوەی کەرکوكو خانەقینو...بۆ ئامێزی کوردستان"بە جیا لە ناوەڕۆکی ماددەی 58 کە کۆنەپەرستو شۆڤێنیانەیە، وە بەجیا لەوەی کە ئایا ئەم**

گەرانەوەیە لەسایەی دەسەلاتی ئیسلامی سیاسی شیعیو سوننیدا جێبەجێدەبێت یان نا، خۆ بەخۆ گەڕانەوەی ئەو شارانە بۆ ژێر دەسەلاتی یەکێتیو پارتی چ بەرژەوەندییەکی تێدایە بۆ خەڵکی کوردستان؟ بۆ ئەوان 15 ساڵە 3 شارو دەیان قەزاو ناحیەو هەزارەها گوندو دەیان خاڵی کومرگو .... بەدەستەوە نیە،چیان بۆ خەڵکی ئەوشارانە کردوە تاکو سبەینێ لەسایەی دەسەلاتی زیاتری ئەواندا خەڵکی کوردستان شتێکی پێببڕێت؟ چارەسەری کێشەی کەرکوك لەسایەی ئەم هێزانەی کە ئێستا لەدەسەڵاتدان لە بەغدا ئیحتمالێکی هێجگار دورە. بەڵام ئامانجی چوارهەم یان دواین ئامانج بڕیك عەنتیکەیە. لیرەدا پێمان دەلێن کە هێشتا ئەمە یەکگرتنەوەو چەسپاندنی ئیدارەی یەکگرتووی نیوانیان نیەو پێویستە خەڵکی کوردستان ئومێدی هەبیت بەوەی کە لە پاشەرۆژدا ئەم دووئیداریە بە " یەکجارەکی" یەکدەگرێتەوە. پێدەچێت ئەم یەکگرتنەوەی ئەمجارەیان کە ئەم هەموو هەرایەیان بۆکردو کردیانە جەژنانەو سەرکەوتن، یەکگرتنەوەیەکی دوو جارەکی بوبێت. لیرەدا دیسان باسی ئازادی کراوە و لە ووتەکەی بارزانیشدا لە پەرلەمان زیاتر لەمبارەیەوە قسەدەکاتو دەلێت " ئازادی مەسەلەیەکی مەبدەئییە" و باس لە "ئازادی بیرورا"دەکات، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە لە دەقی ڕیکەوتننامەکەدا باسی ئازادی بە یەك ووشە هێنراوەو ڕۆشن نیە ئەم ئازادییە ئازادی خاكو ئاوە یان ئازادی سیاسییە.  بۆیە بەم شێوەیە داڕێژراوە، لەبەرئەوەی کە دەقی ڕیکەوتننامەکە بەڵگەنامەیەکەو دەبێتە ماڵ بەسەر "ئیدارەی یەکگرتوو" وەکو خاڵەکانی تر کە پەیوەندی هەیە بە دابەشکردنی فیفتی فیفتی پۆستو وەزارەتو کاروباری بەرێوەبردنو... بۆیە ئازادی لیرەداو لە دەقی ڕیکەوتنەکەدا دەکرێت هەرکەسو لایەنێك بە ئارەزووی خۆی قسەی لەسەر بکاتو بۆیە ناکریت ئەم "ئازادی"یەی لیرەدا هاتوە بە جێبەجیگردنی ئازادییە سیاسیەکان لە ئازادی ڕادەربڕینو خۆپیشاندانو ئازادی ڕەخنەو مانگرتن لە بەرچاوبگرین، وەك دەقیکی بەڵگەنامەیی نێوان یەکێتیو پارتی. لیرەدا پاش ئەم پێشەکییە جیّی خۆیەتی کە دوو تەوەرەی سەرەکی لەم ڕکەوتننامەیدا  لێك بدەینەوە، کە ئامانجی سەرەکی ڕیکەوتنەکەی نێوان یەکێتیو پارتییە لەسایەی داگیرکاری ئەمەریکاو حکومەتی ئیسلامی بەغدا، کە لەو دوو تەوەرەیەدا لە بەرانبەر بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستاندا خۆیان دەبیننەوە.

## *یەکگرتنەوەو دەقی ڕیکەوتننامە،  لە پێناو جێگیرکردنی فیدرالیەتو سەرکوتی خواستی جیابونەوە !

ئەم ڕیکەوتننامەیەو یەکگرتنەوەی هەر دوو ئیدارەی پارتیو یەکێتی لەسایەی سیاسەتی ئەمەریکیو خۆ بەستنەوەیان بە پلانو سیاسەتەکانی ئەمەریکاوە جێبەجێبوو، کە بالوێزی ئەمەریکی ئامادەییەکی بەرچاوی هەبوو لە سەرپەرشتیو چاودیری ئەم یەکگرتنەوەو ڕیکەوتنەدا. بەڵام ئەم سیاسەتو ساتو سەودایەی یەکێتیو پارتی بۆ جارێکی دی لەسایەی سەرکوتو زەوتکردنی مافی سیاسی خەڵکی کوردستان، مافی جیابونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا مسۆگەر بوو. یەکێیو پارتی بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی ڕەوەندی سیاسەتی ئەمەریکادا یاریکەرێکی سەرەکی بن لە ئێستادا، پێویستیان بەوە بوو کە لەڕیگای زۆرو چەواشەکارییەوە مافی جیابونەوەی خەڵکی کوردستان سەرکوت بکەن، لە ڕیگای ڕاپێچکردنی خەڵکی کوردستان بۆ هەڵبژاردنەکانو بەتایبەت بۆ دەنگدان لە سەر دەستور لە ڕیگای ریفراندۆمێکی گالتەجارەوە. یەکێتیو پارتی بەم ڕیکەوتنەیانو بەندەکانی نیشانی دنیای دەدەن کە سوێند بە دروشمی ناسیونالیزمی عەرەب دەخۆنو ڕۆلەیەکی بەوەفای "یەکپارچەیی خاکی عێراق"ن. بەم ڕێکەوتنە هەردوو حزبو سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی بارزانیو تاڵەبانی دەیانەوێت بە جیهانی عەرەبو ڕیکخراوی کۆمکاری عەرەبو تورکیاو ئیرانو سوریاو ڕۆژئاوا بەگشتی بلێن کە ئیمە لە ناسیونالیزمی عەرەب، سورترین سەبارەت بە "مقدس بونی یەکپارچەیی خاکی عێراق". دیارە ئەم لایەنە بۆ ئەمەریکا گرینگی خۆی هەیە لە ئێستادا بەتایبەت کە کێرڤی جیهانیو ناوچەییو ناوخۆیی ئیدارەی ئەمەریکا ڕو لەخوارە، لەباری سیاسیو ئابوریو تەنانەت سەربازییەوە. لەمبارەوە ئەمەریکا دەیەوێت دڵی ناسیونالیزمی عەرەب لەسەر ئاستی جیهانی عەرەبو حکومەتەکانیو هەروەها لەئاستی دەولەتانی ناوچەکەو لەئاستی ناسیونالیزمی عەرەب لە عێراقداو ئیسلامی سیاسی سوننی ڕازی بکات، ئەمە بەجیا لەوەی کە ئەوروپای یەکگرتوو روسیا پیێ لەسەر "یەکپارچەیی خاکی عێراق " دادەگرنو لەمبارەوە ئەمەریکا پێویستی بە دلێ رازیکردنی ئەوانیش هەیە...

هەربۆیە ئامانجێکی سەرەکی کە لەم ڕیکەوتنەدا هاتوە، ئەوەیە کە پێمان دەلێت "...بۆ جیگیرکردنی دەستوری هەمیشەییو دامەزراندنی عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵی ڕاستەقینە" کە وایە ئەم تەوەرەو ئامانجە سەرەکیە، کە ڕاستەوخۆ زەوتکردنی مافی جیابونەوەی خەڵکی کوردستانە دژ بە خواستو داوای سەرەکی ئێستایی زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستانە. ئیدارەی یەکگرتووی کوردی ئیدارەی زەوتکردنی مافێکە کە خەڵکی کوردستان لە پێناویدا زیاتر لە 1.800.000 ئیمزای بۆ کۆکردەوە، کە خۆپیشاندانی لەپێناودا سازداو کە دەنگی بۆ هەڵبڕی. بەڵام ناسیونالیزمی کورد وەك هەمیشە تەوەرەی سەرەکی خەباتی خۆی لە پێناو شەریك بوندا بوە لە دەسەڵاتی سیاسی لە بەغدا،

بۆ ئەم ئامانجەشی هەموو سەربانو بن بانێکی بەکارهێناوە لە پێناو گەیشتن پیێ. ئێستا کە گەیشتۆتە ئەم ئامانجەو دەیەوێت بورژوازی کورد وەك چینێکی کوردستان جیگیر بکات لە دەسەلاتی عێراقداو لەم ڕیگایەوە بەشێکی بەرچاوی قازانجو زێدەبایی ڕەنجی کرێکارانی بۆخۆی گل بداتەوە، بەمانای گەیشتنە بە ئیستراتیژی خۆیو هیچی دی لە هەگبەکەی دا نەماوە. بۆیە ئیتر خواستو داواکاری خەڵك لای ئەم هێزانە زەرەیەك جێگای نیە، مەگەر لە ڕیگای زەختو فشاری ناڕەزایەتی خەڵکەوە ناچار بن وەلام بدەنەوە. حەلەقەی سەرەکی ئەم ڕیکەوتنە لە ڕوانگەی یەکێتیو پارتیو ئەمەریکاو هێزە ئیسلامیەکانەوە، لە گۆڕنانی مافی جیابونەوەی خەڵکی کوردستانە. بەلاّم خەڵکی کوردستان ڕۆژ بەرۆژ زیاتر دەگاتە ئەو راستەیی کە ناتوانێت لەسایەی حکومەتو دەولەتیکی کونەپەرستی وەك ئێستای عیراقدا بژیت.

## *یەکگرتنەوەو دەقی ڕیکەوتننامە، لە پێناو زەوتکردنی مافە سیاسیو مەدەنیو فەردییەکانی خەڵکدا!

سەرند بدەن لەدەقی ڕیکەوتننامەکە، لەسەرەوە بۆخوارەوە هەمووی دابەشکردنی فیفتی فیفتی وەزارەتو داراییو دەسەلاتی کوردستانە لەنیوان هەردوو حزبەکەدا، دوو حزب کێشەیان هەیەو بەڵایەکی 10ساڵەیان لەشەری ناوخۆ بەسەر خەڵکی کوردستاندا هێناوەو هەزارەها خیزانیان ئاوارەو دەربەدەر کردو تا ئێستا ئاسەوارەکەی ماوە، هەزارەهاشیان بەکوشتو بریندارکردندا. لەشەریاندا بەڵان بۆ سەر خەلکی کوردستان بەلام کە ڕیك دەکەونو یەك زەڕە ئاوڕ لەخواستو ویستی خەڵك نادەنەوەو پێکەوە وەك برا گەندەلی دابەش دەکەن، وەك برا پارەو پول کەلەکە دەکەنو سەرۆك وەزیرانو جێگرەکەی، سەرۆك پەرلەمانو جێگرەکەی، سەرۆکی هەریمو جێگرەکەی دابەش دەکەن. خۆشیان بۆخۆیانو بەرپرسانو زلە سەرمایەدارەکانی نزیکیانە، شەریان بۆسەر خەلکی زەحمەتکێشو کریکارو مامۆستاو فەرمانبەرو بەکوشتدانی لاوانی کوردستانە.

ئەم ڕیکەوتننامەیە هیچ پەیوەندی نیە بەهیچ خواستیکی خەڵکی کوردستانەوە، تەنها ئەوە نەبێت کە شەر نابێت لە نیوان ئەو دووهێزەدا. خۆ ناکریت شەرنەکردنی خۆیان لەسایەی سێبەری ئەمەریکادا بە دەستکەوتی خەڵك بە خەلك بفرۆشنەوە، هەروەك دەیفرۆشن. خەڵکی کوردستان لایەنی کەم ماوەی سالێکی ڕەبەقە ئامادەییەکی سیاسی گەورەی نیشان داوە لەپێناو خواستە ئینسانیەکانی خۆیدا. لاوان وەك توێژێکی فراوانو ئازادیخواز بە داوکاریو خواستی مۆدێرنەوە هاتونە سەر شانۆی سیاسیو دەستوری کۆنەپەرستی عیراقیان بەتوندی تورِ هەڵداو نەچونە پای صندوقەکانی ریفراندۆمە گالتەجارییەکەوە بۆ دەستور، کەچی ئامانجی ڕیکەوتنەکەیان کردۆتە چەسپاندنی ئەم دەستورە کۆنەپەرستو پر جەهلو تاریکیيە. خویندکارانی زانکۆکان داوای گۆرینی سیستەمی خویندنو مۆدیرنە کردنی خوێندن دەکەنو دژ بە قاخچێتیو گەندەڵی وەستانەوە لە زانکۆکاندا، مامۆستایان خۆپیشاندانیان کردو داوای زیادکردنی دەرماڵەیان کرد، خەڵکی ڕاینەو عەقرەو کەلار هاتنە سەر شەقامەکانو گێرەشێوانی ئاسایش خۆپیشاندانی شارستانی ئەوانیان گۆری بۆ فەوزا. ئەوان هاتنە مەیدانو خواستی باشترکردنو دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانیان بەرزکردەوە، خواستی چاکردنی ڕیگاوبانو کارەباو دابینکردنی ئاوو سوتەمەنی یان بەرزکردەوەو بە توندی دژی گەندەلیو کەڵەکەبونی سەرمایە لای بەرپرسانی هەردوو حزب وەستانەوە... بەلاّم تەقەیان لیکردنو لێیان کوشتنو برینداریان کردنو زیندانیان کردنو.... لە ماوەی ئەم ساڵەدا چەندین کەسی ئازادیخوازو ناڕازی بەهۆی ڕەئی جیاوازو موخالیفەوە زیندانیکرانو لیکۆلینەوەیان لەگەلْ کرا.....لایەنی کەمی موچە ئێستا لەنیوان 90000 تا 100000 هەزار دیناردایە کە بەشی یەك هەفتەی هیچ خیزانیکی 4 نەفەریش ناکات چ جای بگات بەخیزانێکی 5-6 نەفەری. لایەنی کەمی موچەی خاوەن بروا نامەیەکی زانکۆ لە 100دۆلار تیناپەرێت کە تەنها بە مەمرەو مەژی بەشی یەك کەس دەکات کە لەماڵی باوکی بژیو هیچ ئارەزویەکی نەبێتو خاوەنی خیزان نەبیت، ئەویش بەمەرجیك نەخواتەوەو جگەرە نەکێشێتو ڕۆژنامەو گۆڤار نەخوێنیتەوە.... ئەوە لە کریێ مانگانەی خانوو گەرێین کە خەیالێیەو بەهیچ فەرمانبەرو مامۆستاو کرێکارێك نادرێت....

بەلاّم ڕیکەوتننامەکەی یەکێتیو پارتی وەك ئەوەی نە بایان دی بێت نە بۆران، بەیەك وشەشە ناچێتە سەر ئەم خواستانەی خەڵکی کوردستانو ئەم داواو ئارەزوو ویستانەی خەڵکی کوردستان تەنانەت ناکەنە بەندو ئامانجێکی ڕیکەوتنەکەیان. بەیەك بەند باسی ئەوەناکەن کە باری ژیانو گوزەرانی خەلکی کوردستان باشتر دەکەین، کە موچەیان زیاد دەکەین یان لایەنی کەم هەولْ دەدەن موچەیان بۆ زیاد بکەن، یان بەرۆشنی ئازادی بیرورا رەخنەو خۆپیشاندان وەك بەندێکی یاسایی یان تەنانەت وەك بەندیك لە ڕیکەوتنەکەیاندا جیگیر بکەن، یانو یان.... ئەم یەکگرتنەوەیە یەکگرتنەوەی دووهیزە کە بەخەڵکی کوردستان دەلێن تا ئیرە ئیدارەو سەرەوەتو سامانمان جیابوو، ئێستا لەمەودا وردەوردە تیکەلی دەکەینەوەو وەك برا دەیخۆین ئیوەش هەر شوکرو صابر بن، چونکە ئیمە ریککەوتوینو شەر ناکەین. لەمەزیاتر هیچ چاوەڕوانیەك لە بزوتنەوەی کوردایەتی ناکرێت. بەلاّم خەڵکی کوردستان ناتوانیت دەست بەرداری ئاوو کارەباو

سوتەمەنی و موچە بێت. ناتوانیت واز لەخواستی ئازادی رەئی و خۆپیشاندان بهێنیت و ناتوانیت واز لەمافەکانی لاوان و فەرهەنگی مۆدیرن و رۆژئاوایی بهێنیت، ناتوانێت دژ بەفەرهەنگی عەشیرەتی و شاخی و ئیسلامی نەبێت کە هەموو بەندەکانی دەستوری هەمیشەیی گرتۆتەوە. ناتوانیت دژ بە هەلاواردنی ژنان نەبێت و خواستی یەکسانی ژن و پیاو نەکاتە خواست و دروشمی خۆی.

سالی ڕابوردو هاتنە مەیدان بوو، ئەمسالٚ سالی خۆرێکخراوکردن و سەرتاسەریکردنەوەی خەبات و نارەزایەتیەکانیەتی لە پێناو دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان لە کارەبا و ئاوو سوتەمەنی و ڕیگاوبانی گونجاوو بەڕەسمی ناساندنی ئازادییە سیاسیەکان و، بەرزکردنەوەی لایەنی کەمی موچە کە لە 375000 دینار کەمتر نەبێت. ئەمسالٚ پێویستە ببێتە سالی هاتنە مەیدانی سەرتاسەری لە پێناو جیابونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەولەتێك، پێویستە بکرێتە سالی خەبات لە پێناو بەڕەسمی ناسینی یاسایی مافی ریفراندۆم بۆ خەلکی کوردستان، دەستوری عێراق جاریکی دیکە دەستکاری دەکرێت. ئەمە دەرفەتێکە بۆ خەلك کە ئەم دەستورە توڕ هەلبدەن و لەجیاتی ئەوە جیابونەوەی کوردستان و ریفراندۆم بکەنە سەر لەوحەی خەبات و نارەزایەتی خۆیان.